**وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٢٧٢٧ لە ٢٠٢٢/٤/٢٦**

پاڵپشت بە برگەی (چوارەم)ی ماددەی(دووهەم)ی یاسایی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی (دامەزراندنی پڕۆژەی خانووی پلاستیکی)**

**ماددەی (١): پێناسەی زاراوەکان.**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە.

- **وەزارەت :** وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو.
- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان.
- **بەڕێوەبەرایەتی باخداری :** بەڕێوبەرایەتی باخداری لە ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان.
- **فەرمانگەی کشتوکاڵی:** بەڕێوەبەرایەتی وبەشە کشتوکاڵییەکان لە قەزاو ناحیەکان.
- **خانووی پلاستیکی:** خانووی پلاستیکی بەشێوەی (تونێل) یان (مەڵتی سپان) وخانووی شوشەیی بۆ بەرهەم هێنانی جۆرەکانی سەوزە ومیوە بە درێژایی ساڵ.

**ماددەی (٢):**

١- ڕێگە دەدرێت بە دامەزراندنی پڕۆژەی خانووی پلاستیکی لە سەر زەوی موڵك یان زەوی ئەمیری یان گرێبەستی کشتوکاڵی یان بڕیاری دابەشکردن بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ و یاسا بەرکارەکانی دیکە کە مافی بەکارهێنانی هاووڵاتیانی لە سەرە .

٢- ئەگەر زەوییەکە لە ناو سنووری ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکان بێت پێویستە خاوەن داواکاری ڕەزامەندی شارەوانی ناوچەکە وەربگرێت وهیچ دامەزراوەیەکی بیناسازی وەکو خانووی دروست نەکات .

**ماددەی (٣):**

مۆڵەت دەدرێت بە دامەزراندنی پڕۆژەی خانووی پلاستیکی لە سەر ئەو زەوییانەی کە (تسوية) نەکراون و ماددەی (٨) لە یاسای ڕێکخستنی زەوی کشتوکاڵی ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ دەیانگرێتەوە و بەر ئەم یاسایە دەکەون بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پشتگیری کردنی فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە، کە زەویەکە مافی ( داواکاری) لە سەر هەیە.

٢- پشتگیری ئەنجومەنی گوند لەگەڵ (٢) شاهیدی هەمان گوند ، کە زەویەکە لە ژێر دەستی داواکار دایە و کێشەی نیە.

٣- هێڵکاری زەوی (مرتسم) لە لایەن پێوەری کشتوکاڵی وپەسەندکردنی لە لایەن فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە.

ماددەی (٤):

١- پێویستە رووبەری زەوی داواکراو بۆ دامەزراندنی خانووی پلاستیکی تونێل لە (٢) دۆنم کەمتر نەبێت ولە جۆری مەلتی سپان و سیستەمی هیدروبونیک لە (٥) دۆنم کەمتر نەبێت .

٢- پێویستە کۆی رووبەری بە کارهێنراو بۆ خانووە پلاستیکییەکان لە (١) دۆنم (٢٥٠٠مەترچوار گۆشە) کەمتر نەبێت و بۆجۆری سیستەمی مەلتی سپان وسیستەمی هایدوپونیک لە (٣) دۆنم (٧٥٠٠مەتر چوار گۆشە) کەمتر نەبێت .

٣- پرۆژەکە (١٥٠) مەتر لە رێگای سەرەکی و شوێنی نیشتەجێبوون وئاوەدانی و (٢٠٠) مەتر لە ناوچەی پیشەسازی و (٧٥) مەتر لە رێگەی لاوەکی و (١٠٠) مەتر لە رێگەی گوند دوور بێت.

**ماددەی (٥): پێکهاتەکانی ناو پرۆژەکە جگە لە خانووە پلاستیکییەکان.**

١- سەرچاوەی ئاوی بەردەوام .

٢- رێگە دەدرێت بە دانانی کابینەی گەرۆک بۆ حەوانەوەی کرێکار وگەنجینە بۆ خانووی پلاستیکی (تونێل) ورێگا دەدرێت بە دروست کردنی خانوویەکی گونجاو بە رووبەری (٢٠٠) مەتر چوار گۆشە زیاتر نەبێت بۆ پرۆژەی مەلتی سپان وسیستەمی هیدرۆبونیک .

٣- رواندنی نەمام لە چوار دەورەی پرۆژەکە بە مەبەستی دروست کردنی باگێرەوە.

**ماددەی (٦): بۆ وەرگرتنی مۆڵەت ئەم رێکارانەی خوارەوە پەیرەو دەکرێت:**

١- داواکار داوا پێشکەش دەکات لە رێگەی فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە.

٢- لیژنەیەکی پسپۆر کە پێکدێت لە نوێنەرانی(باخداری ، زەوی وزار ، رووپێوێك) لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە، هەڵدەستی بە نۆرین وپشکنینی زەویەکە و ئاراستە کردنی تەواوی زانیاری وهێلکاری زەویەکە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی.

٣- پاش ووردبین کردنی زانیاریی وهێڵکاری زەوییەکە و ڕاستاندنی لە لایەن بەرێوەبەرایەتی باخداری و بەشی زەوی وزار و دەبێت رەزامەندی ئەم فەرمانگانە وەربگیرێت ( کارەبا ، شارەوانی و گەشت وگوزار ، سامانە سروشیەکان)

٤- پاش وەرگرتنی رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وتەواو کردنی رێکارە یاساییەکان لە لایەن بەرێوەبەرایەتی باخدارییەوە رێگا پێدانی سەرەتایی پێدەدرێت.

٥- رێگە پێدانی سەرەتایی تەنها بۆ (١) ساڵ دەبێت وپێویستە لەو ماوەیە پرۆژەکە تەواو بکات.

٦- رەزامەندی سەرەتایی دەگۆردرێت بۆ مۆڵەتی هەمیشەیی پاش تەواو کردنی پرۆژەکە.

٧- پێویستە گرێبەستی کشتوکاڵی زەویەکە ساڵانە نوێ بکاتەوە .

٨- مۆڵەتی پرۆژەکە (٢) ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە .

٩- ئەگەر (٢) دووجار لە سەر یەك مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت دوای ئاگادارکردنەوەی.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە تایبەتە بە خانووی پلاستیکی ناکرێت بگۆڕێت بۆ پرۆژەی دیکە ، بەڵام ئەگەر ویستی گۆڕانکاری لە ناوخودی پرۆژەکە بکات هەر بۆ بابەتی خانووی پلاستیکی پێویستە ڕەزامەندی پێش وەختەی بەڕێوەبەرایەتی باخداری وەربگرێت.

**ماددەی (٨):**

پێویستە خاوەن پرۆژە پەیوەست بێت بە سەرجەم مەرج و ڕێنماییە هونەرییەکانی وەزارەت بە تایبەتی سەلامەتی خۆراك وبەکارهێنانی ماددە قرکەرەکان و پەینی کیمیاوی و لە هەمان کات دا پێویستە لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیاری هونەری پسپۆری کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکرێت بەپێی یاسایی سەرپەرشتیاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ .

**ماددەی (٩):**

ئەو پرۆژانەی بە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ یان هەر یاسایەکی دیکە بەرکار پێشکەش دەکرێن حوکمەکانی ئەم ڕێنماییەی لە سەر جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

کار بەڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ ناکرێت .

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیکی و مەلتی سپان وسیستەمی هیدروبونیک بۆ بەرهەم هێنانی سەوزە ومیوە بە شێوەی پارێزراو و کۆنترۆلکراو بە شێوەیەک کەلە هەموو وەرزەکانی ساڵ بەرهەمی سەوزە ومیوە لە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت بە بەکارهێنانی سیستەمی نوێ و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە کەمترین ڕووبەری زەویدا وە بۆ دەست گرتن بە سەرچاوەی ئاو و بەفیرونەدانی وبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وهونەری جوتیاران و وەبەرهێنەران لە چۆنیەتی و بەرهەم هێنان و کۆنترۆلکردنی دەرد ونەخۆشیە کشتوکاڵیەکان لەم پرۆژانەدا وبەرهەم هێنانی بەرهەمێکی کوالیتی بەرز .

**بێگەرد طالبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**